# دەنگێك لە گوڕستانەوە گۆرانی دەچڕێت

كازیوە ساڵح

دەنگێك لە گوڕستانەوە گۆرانی دەچڕێت
ژنێك بە دەنگە دەگمەنەكەی حیكایەتی ئەوانەی
لە پێناوی ژیاندا ژیان ,بۆ مردووان دەگێڕێتەوە
ئەمڕۆ ئاسمان و هونەر , زەوی و بوونەوەرەكانی , دەریا و مەلە كۆچەرەیەكان , ووشە و پێنووس ,
پرسەی مەرگی سەركێشانەی ئەستێرەیەكی دەگێڕن
كە مەرگ باوەڕی نەدەكرد هێندە جەسوور بێت بگات بە دامێنی.
ئەمڕۆ نەك من و تۆ
تەنانەت ئەوانەش حیكایەتە سەر سپیەكانیان
بۆ دەكردە نیو بوخچەی بوراقەوە
لایانداتەوە بە لای سەمای پیا هەڵداندا و
ئەویش لە گۆرانی چڕینی خۆی ناكەوێت .

ئەوێك گووڵی بارووتی بۆن دەكرد و لوولەی تفەنگی ماچ دەكرد بەرانبەر جەللاد
بزەی ئەستێرە و چاوشاركیەی مانگی دەكرد بە خەڵاتی گەورە و
سەمای پەپولە و كەناری رۆحی بۆ مناڵان بوو
كوا گەڕا بۆ كیشانی نەخشەی غەمەكانی خۆی !
نا ئەوە تۆ نیت بەر لە وادەی جێ بە جێ كردنی پەیمانەكانت سەفەر بكەیت
تۆ هەمیشە
چرای ڕوانینت لە ژێر دەوارەكانی نیشتماندا لەنگەری دەگرت و
سوحبەتەكانی ئێوارانت لە گەڵ عاشقان بە"با بچینە سەر وەیس" دەگۆڕیەوە
كە وەیسی هاوڕێت دەپیرسی.
بۆچی بۆ هەمیشە كەپرێك لە تەنیشت "وەیسی " نیشتمانەوە هەڵنەدەین ؟
ئاخر " ناسر " گیان هیشتابۆ یەك دوو ساڵی دی سەبەتەكانی ڕوانینی " ماردین " پێویستی بە چنینی پەنجەی منە .
لێی دەپرسم :

- هەرەمەكانی میسر چاوەڕوانت بوون ئاهەنگی ساڵی كوردییان بۆ بگێڕیت

پیم دەڵێت , ئەی پەیكەری لە خاچدراو

**دەزانم عاشقی گۆرانیت و بەر لە چریکاندنت لە خاچدرایت**
**پێت خۆشە هەموو کوچەکان بکەیت بە چریکەی گۆرانی .**
**دەزانم دەتەوێت هەرەمەکان بە زمانێکی دی ووشە و ئاواز ئاشنا بکەیت**
**بەڵام ووشە شاشەکانی عەرەبیم پێ حونجە ناکرێت**
**هاوڕێ گیان با وادەی سەفەرەم دوا خەم بۆ سەفەری دووەمی تۆ**
**با چاوەروان بین , لەم ساڵدا کە لە چنینەوەی مرواری خۆزگەکانی "ماردین" بوومەوەو**
**تۆش ماندووبوونەکانت خستە نێو سەبەتەکانی خۆزگەو**
**هەگبەی سەفەرت پێ ریکخرا**
**پێکەوە( سەفەرێکی دوو قۆڵی ) دەکەین .**
**ئا ئا بەر لەوەی بیرم بچێت , دەهرێکە دەڵێت ئەو شیعرەت بۆ تەواو دەکەم**
**دەهرێکە ئەهرێمەنەکانی جوانی تۆ و ووشەیان لە یەك تۆراندوە**
**دەمەوێ بە تەواو کردنی شیعرەکەی من جارێکی دی شیعر لە ئامێز بگریتەوە .**

**من یادەوەریم کاڵ بووەتەوە (مەرزیە ) گیان , پێت گووتم شیعرێکم**
**بۆ ئەنفال بۆ بنووسە , گووتم , دەمێکە لە گەڵ شیعر لە یەك تۆراوین**
**کام شیعر ئەزیزم , لەم جەنجاڵێدا کەم گووڵ ماوە بۆنی شیعری لێ بێت**

**جاران دەتگووت جگە لە تۆ چێژ نابەخشێ ئەم دنیایە**
**ئەگەر نسێی باڵات نەبێت دنیا چی یە بە بێ سایە**

**ئێستاش ئەڵێی سێبەری تۆ چی یە تا رۆژ بتاسێنێ**
**خۆری ئەوین کەی توانیویە بە تیشکی خۆی بمسوتێنێ**

**چۆن بیرت چوو ؟ ڕوناکی تۆ شەوی کردبوو شەرمەزار**
**وێنەی مۆمێك دەسووتایت بە سەر خۆتا دەهاتیە خوار**

**ئەی من چی بکەم تۆ خاوەنی دڵی خۆ نی وسەرگەردانی**
**هەر رۆژەی , لە سەر خوانی دڵێکی تر تۆ میوانی**

**بڕۆ تازە عەشقی وێڵت ...**

**لێرەوە بە هەناسە تاساوی ماوەتەوە**
**لێرەوە شیعر لە تۆ دابڕاو و لە یەك شەممەیەکی شوومیشدا**

كه تەنها زەنگی كەنیسەكانی تێدا دەبیستریت گۆرانی لە من دادەبڕێت
دەست و برد كە تۆێشووی سەفەری داهاتووم و ئێجگار قورسە و فریای كۆكردنەوەی عەترەكانی ژیان ناكەوم

– نا وا مەڵێ هاوڕێ گیان

بریار بوو جارێكی دی شەقامی حەمرا و باب تۆما تەی بكەین بە دووی ژێ ی ئەو ملوانكەدا بگەڕیین

هێشتا دەستی زەرنگەرەكان هێندەیان هونەر لێ نەچۆڕاوە بە دروستكردنی ئاشنا بن .

دەبوو جارێكی دی لە یانەی رۆژنامەنووسان دابنیشین و باس لە باڵق نەبوونی خەونەكانی مێینە سەرابیەكانی ئەم دەڤەرە بكەین

بریار بوو ڤینۆس تاوەر خوانێكی دیمان بۆ برازێنێتەوە

تۆش پرۆڤەی گۆرانێكی نویێ بە سرپەو لە ژێر لێوانەوە بكەیت .

دەبوو من بریار كەی خۆم بە جێ بهێنم و تەنها جارێك لە پێناوی ئەنفال و تۆدا ببم بە شاعیر و دوا خەمی خۆمتان بۆ ئەوان بۆ دەربڕم

ئاخر بۆ دەهریم دەكەیت ؟

بریار بوو , كە ئاوازەكانی تەرەبت ئەزبەر كرد و گۆرانیەكانی تەرەبت تۆماركرد
سەفەری ووتنەوەی بەرینە وولاتی تەرەب
ناكرێت وادەی سەفەری یەك شەممەت بەر وادەی سەفەرەكەی دیمان بخەیت
دەترسم یەكشەممە بەر دۆزینەوەی ئەندازە بێت بۆ ووتن
دەترسم یەك شەمە ی بەر لە نەخشەی ڕوانین بێت بۆ دیتن
چ پەرجوویەكی موقدەس دەتوانێت
دڵە ڕاوكەی سەفەری یەك شەمتملا , وەلاوە نێت
سەفەر مەكە وادەی هاتنەوەی موریدەكانی شەڕ بە سەر نەچووە و
پیویستە بە سرودێك هەڵویست دەربڕیت
سەفەر مەكە
هێشتا منالانی نیشتمان لە باخچەی سواڵكردنەوە نەگوازراونەتەوە
بۆ باخچەی منالان
پیویستە قۆڵی ئەمەكی كۆمەكت هەڵماڵیت
سەفەر مەكە
(( سەفەر مەكە
دڵم ئەڵێ ناتبینمەوە
فێرە گریانێكی سەخت بووم
دەستم پێكرد ژیر نابمەوە .))